مەسرور بارزانی: نەورۆز هەمیشە هەمای سەرکەوتن و وەستانەوە بوە بەوی ستەمکار

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، نەورۆز بە خەڵکی کوردستان، هەمیشە هەمای سەرکەوتن و ئازادی و وەستانەوە بوە بەوی ستەمکار و زەرداران و دەستپێکی ژیان و سەردەمێکی نوێیە.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە چوارشەممە لە راگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی 2724، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم کوردستانییان، بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخە و کەس و کار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئینفالکراوان دەکەم و هیوای شادی و کامەرانییان بە دەخوازم". ئاماژەی بەوەشکردوە، نەورۆز بە خەڵکی کوردستان، هەمیشە هەمای سەرکەوتن و ئازادی و وەستانەوە بوە بەوی ستەمکار و زەرداران و دەستپێکی ژیان و سەردەمێکی نوێیە.

مەسرور بارزانی دەڵێت، "ئێز و پێزانینی زەرم بە خەڵکی خەباگری هەرێمی کوردستان هەیە، کە بەداخەوە بونەتە قوربانیی گەمەی سیاسیی هەندێک کەس و لایەن کە بە بەرژەوەندی خۆیان، بازرگانی بە مافە دەستوری و شایستە دارایییەکانی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، بەنام دنیایین دواجار خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە پێناو ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە هەر سەردەکەوێت، هیوادارم ساڵی نوێ،

ساڵی کۆتاییهاتنی هەمو ناخۆشی و ستەم و بەدادییەک بێت کە بەرانبەر گەلی کوردستان دەکرێت".